




# ڕێچکە هونەری سنە

لەنێو ئەو پیشانگایەدا تۆکمەیی گوتاری دیدەیی هونەرمەندانی هەردوو شاری سنە و تاران بەدی دەکرا. لە نێو ئێراندا شاری سنە نەخشی کارا و کاریگەری لە گەلێك بواری هونەردا هەیە. لە رووی کوالیێتییەوە، مافووری سنە لە دوای کاشانەوەیە. لە هونەری مووزیکدا کامکارانی سنەیی سەرقافڵەی مووزیکی ئێرانن، لە هونەری شێوەکاریشدا گەورە مامۆستایان وەك هادی زیائەددینی، مەهدی زیائەددینی، فەردین سادق ئەیووبی هەن، لەم کاتەشدا بە کرد و کۆششی ئەوان، وا خەریکە بە تەواوی بەردی بناغەی ستایل (ڕێچکە)یەکی کوردی لە هونەری شێوەکاریدا لە شاری سنەدا گەڵاڵە دەبێت.

بە بڕوای من هونەرمەندانی تاران بۆ بەشداریکردن لەم پیشانگایەدا، بە قورساییەکی کەمتر هاتوونەتە پێش. گرفتی لۆژستی و زەحمەتیی پەیوەندیکردن، بێ لە نائاشنایی هونەرمەندانی تاران بە دۆخی باشووری کوردستان، هەموو ئەمانە وایان کرد شێوەکارانی تاران بە کەمتر لە سەنگی خۆیان بەشداری لە پیشانگاکەدا بکەن. بە پێچەوانەوە، شاری سنەی لە زۆر رووەوە نزیك لە شاری سلێمانی، هونەرمەندانی ئەو شارە بە قورسایی و سەنگێکی شایستە بە پێگەی خۆی، بەشدارییان لەو پیشانگایەدا کرد. زۆر دروستە ئەگەر بڵێین ئێمە دوو جۆرە هونەری تایبەتمەندمان لەم پیشانگایەدا بەدی کرد. راستە هونەرمەندانی هەردوو شاری سنە و تاران لە پاشخان و ژێرخانێکی خۆماڵییەوە هونەریان کردووە، بۆیە دەبینین مۆرکی خۆماڵیانە بە سیمای گوتاری جوانی ئەوانەوە رەنگی داوەتەوە. لە نێو ئەو تایبەتمەندییە ئێرانی و مۆرك رۆژهەڵاتییەشدا، هونەرمەندانی هەردوو شارەکە لە وابەستەیی خۆیان بە کولتووری رەگاژۆی خۆیان، دوو تەرزە هونەری تایبەتیان پێشکەش کرد.

لە نێو بەرهەمی هونەرمەندانی تاراندا جۆرێك لە گەڕان و هەڵکۆڵێن لە ناخی کەسان (مرۆڤەکان)دا کراوە. رامان و خەمی تاکە کەس پۆرترێتی کردووەتە جۆرە تابلۆیەك، کە هەم هەڵگری ستاتیکا و گوتارێکی هونەرییە، هەمیش وەك بابەت بە فراوانی دێتە گۆ. جگە لەوەی شێوەکارانی تاران، بە رادەیەکی کەمیش شێوەکارانی سنە، بەکار هێنانی پیت و رستەی ئەلف و بێی نووسینان بە شێوەیەکی تایبەت بەکار هێناوە. لەنێو هونەرمەندانی شێوەکاری عەرەبدا پیت و رستە بەکار دەهێندرێت و پێی دەگوترێت (ئەلحرووفیە)، ئەوەی بەرهەمی هونەرمەندانی فارس جیا دەکاتەوە، ئەوان جۆرە خەتی نەستالیق و شکستە لە تابلۆکانی خۆیاندا بەکار دەهێنن، بە چەشنێك هونەری میناتۆر





**سێ ڕۆژ بەر لەوەی ئاگری نەورۆز بکرێتەوە، لە (مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە) لە شاری سلێمانی، پیشانگای (هەنگاوی ڕەنگەکان لە سنە و تاران) کرایەوە. ئەم پیشانگایە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بە هاوکاریی ناوەندی ٧ ڕەنگە کرایەوە. نمایشێکی ستاتیکیی تایبەت بوو، چونکە داهێنانی شێوەکاریی دوو پایتەختی ئێرانی تێدا نمایش کرابوو.**

**تاریق کارێزی**

و دەسنووسی سەردەمی بەر لە پەیدابوونی چاپ، لە ستایلی کاری ئەواندا بەدی دەکرێت. ڕستە و پیت تێکەڵ بە یەك دەبن، هێندە بە نێو یەکدا چڕ دەبنەوە، نووسین لە دەقی نووسراوەوە دەگۆڕێت بە دەقی ستاتیکی.

ئەگەر بێینە سەر باسی هونەرمەندانی شاری سنەش، ئەوا دەبینین گەورە شێوەکارانی ئەو شارە و نەوەی دووەم و سێیەمی شێوەکارانی شارەکەش، کە بە دڵنیاییەوە لە لایەن گەورە مامۆستایانی وەك (هادی و مەهدی و فەردین)ـەوە سەرپەرشتی دەکرێن، لە نێو ئەم پیشانگایەدا بەرهەمەکانیان نمایش کردبوو. هونەرمەندانی شێوەکاری شاری سنە، هێندە نەکەوتوونەتە دوای ڕێباز و ستایلەکانی هونەری شێوەکاریی بیانی یان جیهانییەوە، ئەوان لە کانگای کولتوور و کەلەپووری دەوڵەمەندی وڵات و نەتەوەکەی خۆیان، لە هەوڵی کار و داهێناندان، ئەمەش ڕێی ئەوەیان بۆ خۆش دەکات هونەرێك بەرهەم بهێنن، لە منی بینەری کوردستانی و منێکی فراوانتری ڕۆژهەڵاتییەوە نزیك بێت. ئەوەتا زۆر بە ئاسانی گوتاری دیدەیی ئەوان لە ژێی هەست و نەستی من دەدات و دەمبزوێنێ، بەرەو دنیای خەیاڵ و ئەندێشە، وردبوونەوە لە جوانی و خەم و خەون و خولیاکانی خۆم، بئاڵێم و بکەومە نێو دنیای خۆناسینەوە.

بە خوێندنەوەی ورد، هونەرناس دەگاتە ئەو بڕوایەی، هونەری شێوەکاری لە شاری سنەدا هێندە باڵای کردووە، چووەتە ئاستێکی بەرزی پرۆفیشناڵەتی، لە پاڵ ئەوەشدا هونەرێك گەلاڵە دەبێت، بەڵکوو دروست وایە بڵێین گەلاڵە بووە و مۆرکی خۆجێییانەی کوردستانی هەڵگرتووە. ئەمە لە ئاستی هونەری جیهاندا دەکرێ وەك لاپەڕەیەك نوێ بخرێتە سەر خەرمانی هونەری جیهانییەوە. بەم جۆرە کورد لە دنیای هونەری شێوەکاریدا دوو ڕێچکەی نوێی پێشکەش بە مێژووی هونەری شێوەکاری کرد لە جیهاندا:

یەکەمیان، ڕێچکەی تەکینی کە گەورە شێوەکاری کوردستان و جیهان ئەحمەد گونەشتەکین خاوەنیەتی، پشت بە میراتی دێرینی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و تەواوی کولتووری ڕۆژهەڵات دەبەستێت. هونەرەکەی زەریایەکە لە ئەفسانە و کەلەپوور و هێما و سیمبوڵ.

دووەمیان، ڕێچکەی سنە کە گەورە هونەرمەندانی پێشەنگی شاری سنە، داهێنەری ئەو ڕێچکەیەن، کولتوور و کەلەپووری زاگرۆس و ناو جەرگەی کوردستان زەخیر و چاوگیەتی، هونەرێکی بەرز و ناسك و دانسقەیان هێناوەتە بەرهەم.

# پیاو و ئافرەت لە ریکسا دەترسن

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری»Nylon Magazine» خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی )بیبی ریکسا) چەند نهێنییەکی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی بڵاوکردەوە، کە تا رادەیەك مایەی شۆك بوون، تەنانەت بۆ جەماوەری خۆیشی. یەك لە ددانپیانانەکانی دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو بوو، ریکسا راشکاوانە وتی: تا ئێستا لە ژیانمدا پیاوێك، یان ئافرەتێکم نەدۆزیتەوە کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆم، هۆکاری مانەوەشم بە سینگڵی تا ئێستا بۆ سەختیی کەسایەتی خۆم دەگەڕێتەوە کە خەڵك خۆیان لێم دوور دەخەنەوە، من لەو جۆرە ئافرەتانەم کە پیاوان لێیان دەترسن، بەڵام پێموایە ئافرەتیش لێم دەترسن، چونکە من هەموو شتێك دەدرکێنم. ریکسا کە بە کەسێکی سەرکێش ناسراوە، زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێ: ئەوان لەوە دەترسن کە نهێنییەکانیان بدرکێنم، بەتایبەتی لە بارەی ئارەزووە سێکسییەکانمەوە، چونکە من گرنگی بە رەگەزی لایەنی بەرامبەر نادەم، لای من خۆشەویستی گرنگە، کە بریتییە لە هەستێك کە مرۆڤ لە ناخی خۆیەوە هەستی پێ دەکات.

بەر لە ماوەیەك میدیاکان بڵاویان کردەوە کە بە هۆی جلوبەرگ و رەفتارو سەرکێشییەکانیەوە پەیوەندی ریکسا و باوکی تێکچووە، لەم بارەوە ریکسا دەڵێ: بەر لە ماوەیەك باوکم نامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا نووسیبووی «پێم باشە واز لە بڵاوکردنەوەی وێنە و دیمەنی رووت بهێنی، چونکە مایەی شەرمەزارین، ناتوانم چیتر بەرگەی ئەو رەفتارانەت بگرم، کاتێك لەماڵ دەردەچم، لە شوێنە گشتییەکان هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکەم، بە راستی لێت بێزارم». ریکسا وەڵامنامەکەی بۆباوکی ناردۆتەوە و تێیدا بێزاریی خۆی دەربڕیوە لە هەڵوێستی باوکی و لە هەمان کاتدا داوای لێکردوە کە رێز لە ئارەزوو و ژیانی تایبەتیی بگرێت و زۆر گرنگی بە قسەی خەڵکی نەدات.





# نیکوڵاس کەیج و هاوسەرەکەی دوای چوار رۆژ لە یەکتری جیابوونەوە

دوای چوار رۆژ لە راگەیاندنی پەیوەندیی هاوسەرییان، هەر یەکە لە ئەستێرەی ناسراوی هۆلیوود نیکولاس کەیج و ئەریکا کویکیی پسپۆری جوانکاری، جارێکی دیکە نیکۆڵاس سەردانی دادگای کردەوە، بەڵام ئەم جارە بۆ جیابوونەوەیان، کەناڵە میدیاییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری جیهان بە شێوەیەکی بەرفراوان گرتەیەکی نیکولاس کەیجیان بڵاوکردەوە، کە زۆر تووڕە دیارە لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری جیابوونەوەیان، لە گرتەیەکی دیکەشدا دەرکەوتووە کە نکوڵاس بە هێواشی لە دوای هاوسەرەکەیەوە دەڕوات، بەڵام لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز هاواردەکات و دەڵێت: کۆنە خۆشەویستەکەم (کویکی) بازرگانێکی مادده هۆشبەرەکانە، بەڵام من وانیم و ئەو کارە ناکەم، لە هەمان گرتەدا کویکی زۆر هێمن دەردەکەوێت و دەڵێت: من داوام لێنەکردی ئەو کارە بکەی. لە لایەن خۆیەوە رۆژنامەی (دەیلی میل)ی بەریتانی راپۆرتێکی دەربارەی چیرۆکی نیکولاس کەیج بڵاوکردەوە و تێیدا باس لەوە دەکات کە لە کاتی ئامادەبوونی لە دادگا نیکولاس بە هۆی خواردنەوەی بڕێکی زۆری کهول بێهۆش بووە و چەند جارێك خەریك بوو بکەوێت، بەردەوام گوتوویەتی کە هاوسەرەکەی دەیەوێ دەست بەسەر پارەکانیدا بگرێت. رۆژنامەکە لە درێژەی راپۆرتەکەیدا دەڵێ: نیکولاس و هاوسەرەکەی قەرەباڵغییەکی زۆریان لە هۆڵی دادگا دروست کرد، بۆیە دادوەر ناچار بوو بیانبات بۆ ژوورێکی تایبەت.





## کیت بلانشێت:

# له پیری ناترسم

راپۆرتـە هەواڵـە هونەرییـەکان لـە سـەر زاری خانمـە ئەکتـەری ناسراوی هۆڵیـۆد بڵاویـان کـردەوە، کـە ناوبـراو بـە پێچەوانـەی خانمە ئەکتەرانی دیکە بە هیچ شێوەیەك ترسی لە تەمـەن و پیربـوون نییـە و بیریشـی لـێ ناکاتـەوە، تەنیـا ئـەو کاتانـە نەبێـت کـە لـەلای بـاس دەکـەن.

ماڵپـەڕی (کۆنتاکت) دیمانەیەکی لەگـەڵ بلانشێت ئەنجامدا و تێیدا هاتووە کـە دەڵێـت: «لـە مانگـی حوزەیرانـی داهاتـوودا تەمەنم دەگاتـە پەنجا سـاڵ، راسـتە بـە ژمـارە تەمەنـم زۆری تێپـەڕ کـردووە، بـەڵام مـن بیـر لـەوە ناکەمـەوە، تەنیـا ئـەو کاتانـە نەبێـت کـە هەندێـك کـەس بەتایبەتـی رۆژنامەنووسـان ئـەو بابەتـە دەورووژێنـن و ئـەو پرسـیارە دەکـەن.» هـەر سـەبارەت بـە گرنگیـی تەمـەن بـۆ ئەکتـەران کیـت دەڵێـت: «بێگومـان ئێمـە تـا هەتایـە لـە یـەك تەمـەن و یـەك شـێوەدا نامێنیـن، بـە تێپەڕبوونـی کات گۆڕانکاریمـان بەسـەردا دێـت، ئەمـەش زۆر ئاسـاییە و بگـرە زۆر جـار سـوودی هەیـە، چونکـە لـە تەمەنـی منداڵـی و هەرزەکاریـدا ئەگـەر خـاوەن شـارەزایی و بەهرەیەکی زۆریش بووبین لەو بوارەدا، بەڵام ناتوانیـن رۆڵی کەسێکی بەساڵاچوو ببینین.


هـەر لـەو دیمانەیـەدا کیـت بلانشـێت باسـی لـە کاریگەریـی بزووتنـەوەی ئافرەتـان لـە پیشەسازیی سینەمادا دەکات و ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە بوونـی ئـەو تێکەڵـی و دەنـگ و کەسایەتییە جیاوازانـە لـە سـینەمادا کـە بۆتـە هـۆی پێشخسـتن و داهێنانـی زیاتـر لـەو پیشەسـازییەدا، بێگومـان لـە دەرەنجامـی ئـەو یەکسانییەیە کـە لـە ئێسـتادا لـەو بـوارەدا بوونـی هەیـە و هەسـتی پێدەکرێـت.



جوان حاجۆ:

# لە ئەوروپا کوالێتیی کۆنسێرتی هونەرمەندانی کورد زۆر نزمە

جوان حاجۆ خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە و زیاتر لە چل ساڵ دەبێت بە ناوێکی دیاری نێو هونەری کوردییەوە هاتۆتە نێو مەیدانی هونەر، گۆرانییەکانی شوێنی خۆی لای هەوادارانی کردۆتەوە، بە شێوازێکی مۆدێرن گۆرانیی رەسەنی کوردی پێشکەش کردووە، بەجۆرێك کە پیر و لاو خۆیانی تێیدا ببیننەوە، جوان حاجۆ ئێستا لە کوردستانەو سەرقاڵی دووبارەکردنەوەی یەکێك لە گۆرانییە هەر خۆش و ناسراوەکانیەتی کە جگە لە خۆی چەندین هونەرمەندی دیکەش دووبارەیان کردۆتەوە و تێیدا سەرکەوتوو بوون، ئەویش گۆرانی (نەسرینێ)یە. لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی کار و بەرنامە هونەرییەکانی خۆی دەکات.



جوان حاجۆ، خاوەن دەنگێکی ڕەسەن و ستایلێکی تایبەتە، هەر کە گوێت لە دەنگی دەبێت هەست بە ئازارێکی قووڵ دەکەیت، ئازارێك کە ڕەنگدانەوەی هەستی ملیۆنان کوردە لە سەرتاسەری جیهان، تەنانەت لە گۆرانییە ئەویندارییەکانیشیدا هەست بە تامەزرۆیی ئەو هونەرمەندە دەکرێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کە خاکی ئەو وڵاتەکە بە پیلانی دوژمنان و بۆ بەرژەوەندیی داگیرکاران دابەش کراوە. نزیکەی نیو سەدەیە گۆرانی بۆ ئازار و کارەساتەکانی میللەتی کورد دەڵێت، بە جۆرێك کە هەست دەکرێ کە جیاواز لە هونەرمەندانی دیکە جوان حاجۆ گۆرانیی بۆ یار و خۆشەویستی وەك پێویست نەگوتووە، لەم بارەوە جوان حاجۆ پێیوایە کە تا ئێستاش کورد پێویستی بە گۆرانی و سروودی نیشتمانییە و دەڵێ: «ئێستاش کۆمەڵگە و نەتەوەی ئێمە لە نێو زوڵم و ئێش و ژاندایە، خاکەکەشمان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، زمانی ئێمە قەدەخە کراوە، هەر لەو کاتەی من هەستم بە ژیان کردووە لە نێو زوڵم و ستەمدا ژیاوم، بۆیە ئەو زوڵمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆرانییەکانم هەبووە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گۆرانیمان گوتووە، بەڵام هیچ کات من گۆرانی ئەڤینداریم لە بیر نەکردووە و باڵانسێکم بۆ گۆرانیی شۆڕشگێڕی و ئەڤینداری داناوە.»

سەبارەت بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژانی ئافرەت لە مەیدانی هونەری کوردیدا و ئایا ئەو گۆرانیبێژانە کاریگەرییان ئەرێنی، یان نەرێنییە لەسەر پێشخستنی هونەری کوردی، هاوکات بۆشایی نەبوونی ئافرەتان لەو بوارە و بەتایبەتیش لە ئێستادا کە هەست دەکرێ هونەری کوردی لە زۆر بواردا لە داکشاندایە، حاجۆ ڕای تایبەتی خۆی لەم ڕووەوە هەیە و دەڵێ: «بەپێچەوانەی ئەو بیرکردنەوەی لە ئێستادا سەبارەت بە ئازادیی ئافرەتان لە گشت بوارەکاندا هەیە، من ڕاشکاوانە دەڵێم پێشتر ژنانی کورد ئازادتر بوون لە ژنانی ئێستا، ئەم پاشاگەردانییە تەنیا لەنێو کورددا نییە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی هەیە. ڕاستە ئێستا پاشاگەردانییەکی یەکجار زۆر لە بواری ئازادیی ئافرەتاندا هەیە، بەڵام ئێستاش هەندێك لە ژنانی کورد جێ پەنجەیان لە نێو میوزیك و گۆرانیدا دیارە و دەنگخۆشی زۆرباشمان هەن.»

سەبارەت بەوەی کە ئێستاش ژمارەیەکی زۆری گۆرانیبێژی لاو پەیدا بوون کە بەردەوام بەرهەمی مۆدێرن و سەردەمی پێشکەش دەکەن، بەڵام هەست دەکرێ تا ڕاددەیەکی زۆر هونەری ڕەسەنی کوردییان فەرامۆش کردووە، لەم ڕووە جوان حاجۆ دەڵێ: «میوزیکی فۆلکلۆری و ڕەسەنی کوردی زۆر دەوڵەمەندە، پێویستە بە هەموو لایەکمان پارێزگاری لێ بکەین و بیپارێزین، بەشێك لە گۆرانی و میوزیکە ڕەسەنەکان دووبارە بکەینەوەو بەشێوەیەکی نوێ پێشکەش بە نەوەکانمانی بکەینەوە، پێویستە حەیران و لاوك و مەقاماتی ڕەسەنی کوردی لەلایەن هونەرمەندانی کورد زیندوو بکرێنەوە، ئەمڕۆ میوزیك پیشەسازیە، میوزیك بازاڕە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ بازاڕی میوزیکی کوردی نییە، لە ئەوروپا ئاستی کۆنسێرتی هونەرمەندانی کورد سفرە، تەنیا لە نەورۆزدا نەبێت کە لە چەند شارێکی گەورەی ئەوروپا کۆنسێرت دەکرێت، ئەمەش هیچ خزمەتی گۆرانی و میوزیکی کوردی ناکات و نەوەی نوێ سوودی لێ وەرناگرێت، بۆیە زیاتر لە پێنج ساڵە ناچمە هیچ کۆنسێرتێك، چونکە هەست دەکەم خزمەت بە گۆرانی و میوزیکی کوردی ناکات، ئێمە سێ ملیۆن کوردین لە ئەوروپا دەتوانین دنیا بهەژێنین، بەڵام بەداخەوە ڕێکخەرێکی باش نییە بتوانێت ئێمە و کوردی ئەوروپا بە یەکەوە کۆ بکاتەوە.»

سەبارەت بە چۆنێتی پێشخستنی هونەری کوردی و هاوکاری کردنی هونەرمەندان، جوان حاجۆ دەڵێ: «پێم باشە بودجەیەك بۆ زیندووکردنەوەی گۆرانی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی تەرخان بکرێت و میوزیکی مۆدێرنیش لەبیر نەکرێ، هەروەها دەزگایەکی تایبەت بە ئۆنلاینی گۆرانی کوردی دابنرێ، کە مافی هونەرمەندان بپارێزێت، و دەزگایەکی دیکە تایبەت بە کۆنسێرت دابمەزرێ لەگەڵ ستۆدیۆیەك بۆئەوەی هەموو هونەرمەندانی کوردستان لەو ستۆدیۆیە گۆرانییەکانیان تۆمار بکەن و خەرجییەکانیش بکەوێتە ئەستۆی حکومەت، ئەم کارانە دەبنە هۆکارێك کە هونەر لە کوردستان پێش بکەوێت و بەرهەمی هونەرمەندانیش زیاد بێت.»

لەبارەی گلەیی هونەرمەندانی کورد لە بوونی دیاردەی کۆپیکردنی بەرهەمەکانیان و نەپاراستنی مافەکانیان کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی ئەرك و ماندووبوونیان جوان حاجۆ دەڵێ: «بۆ ماوەیەك پێش ئێستا ئەم گلەییە لە شوێنی خۆی بوو، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە ئیدی شتێك نەماوە بەناوی سیدی و ئەلبووم، بەڵکو هەموو شتێك لە ڕێگەی بازاڕی ئۆنلاین و دیجیتاڵی بەڕێوەدەچێت، پێم باشە هونەرمەندانی کوردیش لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، چونکە مافەکانیان زیاتر لەوێ پارێزراوە، کەسیش ناتوانێت بەرهەمەکانیان کۆپی بکات.»

گۆرانی (نەسرینێ) یەکێکە لە گۆرانییە کۆنەکانی جوان حاجۆ، و تا ئێستا هونەرمەندان لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانیاندا دەیڵێنەوە. تەنانەت هەندێك لە هونەرمەندان کلیپیان بۆ کردووە و بڵاویان کردۆتەووە، لەم ڕووە جوان حاجۆ دەڵێ: «من هەمیشە گوتوومە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە، هەر کەسێك ئازادە گۆرانییەکانی من بڵێتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستکاریی میلۆدی و تێکستەکەی بکات، بەداخەوە هونەرمەند بەردان نەك مۆڵەتی لە من وەرنەگرتووە، بەڵکو لەسەر کلیپەکە نووسیویەتی کە ئەم گۆرانییە خاوەنەکەی دیار نییە، بە ڕاستی زۆر شەرمە بۆ کەسێك بزانێت ئەو گۆرانییە میلۆدییەکەی هی منە و تێکستەکەشی هی دولبەری خوشکمە، کەچی بنووسێ ئەو گۆرانییە خاوەنەکەی دیار نییە.»